بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

بەسەرهاتی (أصحاب الاخدود)

پێش تەفسیرکردنی سورەتی (البروج) پێویستە ئەم بەسەرهاتە باس بکەین :

ئەو فەرموودە باس دەکەین کە لەسەر سوورەتی بورووج باسکراوە ، کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بۆمان باس دەکات. ، هەروەکو لە صەحیحی موسلیم و موسنەدی ئیمامی ئەحمەدا هەیە. پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت:

لەپێش ئێوە پادشایەک هەبوو. کەسێکی ساحیری هەبوو، سیحری بۆ دەکرد. کاتێ سیحری بۆ دەکرد، ئەم پادشایەش بانگەشەی خوایەتی دەکرد. ئەو ساحیرە سیحری بۆ دەکرد خەڵکی وای دەزانی ئەم پاشایە دەیکات و وایاندەزانی ئەمە خوایە، بۆیە زۆرێک باوەڕیان هێنا کە ئەمە خوایە.

کاتێ ساحیرەکە تەمەنی گەورە بوو، بە پادشاکەی وت: من تەمەنم گەورە بووە و ئەجەلم نزیکەوە بووە. بۆیە منداڵێکم بۆ بنێرە بۆ ئەوەی سیحری فێر بکەم و ببێتە جێگرەوەی من ، ئەویش جاڕی دا لە شاردا، منداڵێکمان دەوێت ، منداڵێکی وریا و زرنگ و زیتیان هێنا بۆی بۆ ئەوەی ئەم کابرای ساحیرە فێری سیحری بکات. ئەویش دەستی کرد بە فێربوونی سیحر.

کاتێ ئەم منداڵە بە ڕێگەکەدا دەڕۆیشت بۆ لای ساحیرەکە، لەم ڕێگایەدا، ئەشکەوتێکی تر هەبوو کە کابرایەکی لەخواترسی تێدا بوو. عیبادەتی خوای گەورەی دەکرد، ڕاهیب بوو. ئەم منداڵە لایدا بۆ لای ئەم ڕاهیبە بزانم ئەم ڕاهیبە چییە. گوێی لە قسەکانی گرت ، سەیر دەکات قسەکانی ئەم جیاوازە لەگەڵ قسەی ساحیرەکە، ئەم دەڵێت الله خوایە، ئەو دەڵێت پادشا خوایە! یەعنی قسەکانیان جیاوازە. چیتر هەموو ڕۆژێ سەری لێدەدا. کاتێک دەڕۆیشت بۆ لای ساحیرەکە، لای دەدا سەری لە راهیبەکە دەدا، کاتێکیش لە لای ساحیرەکە دەهاتەوە بۆ ماڵ، لای دەدا سەری لێ دەدا. جا کاتێ دەڕۆیشت بۆ لای

ساحیرەکە دوادەکەوت ئەویش لێی دەدا و لەبەر درەنگ هاتنی لێی دەدا. کاتێك دەگەڕایەوە بۆ ماڵ ئەوانیش دەیانگوت بۆ درەنگ هاتیتەوە، ماڵیش لێیان دەدا لەبەر درەنگ هاتنەوەی ... ئەوە شکایەتی برد بۆ لای ڕاهیبەکە. وتی : هەردوو لا لێم دەدەن، ساحیرەکە لێم دەدا و ماڵیش لێم دەدەن. ئەویش وتی ئەگەر هاتی بۆ لای ساحیرەکە وتی بۆ درەنگ هاتی، بڵێ ماڵەوە درەنگ بە ڕێیان خستم . ئەگەر هاتوو ماڵ وتی بۆ درەنگ هاتیتەوە، بڵێ ساحیرەکە درەنگ بە ڕێی خستم و بۆیە لای ئەو دواکەوتم.

ڕۆژێ لەم ڕێگایە بوو سەیر دەکات داببەیەکە، یەعنی دەعبایەکی گەورە ڕێگای لە خەڵکی گرتووە. دەعبایەکی گەورە ڕێگای لە خەڵکی گرتووە خەڵک ناوێرێ بپەڕێتەوە. ناتوانن بڕۆن ، چونکە ڕێگاکەی گرتووە.

ئەم منداڵە وتی : ئەمڕۆ بۆم دەردەکەوێت قسەی ڕاهیبەکە تەواوە یان قسەی ساحیرەکە؟

ئەوە بوو بەردێکی هەڵگرت و وتی : ئەی خودایە، ئەگەر قسەی ڕاهیبەکە لای تۆ خۆشەویستترە و تەواوترە، من بەم بەردە ئەو دەعبایە بکوژم و خەڵکی ڕزگاری بێت. دەڵێت بەردەکەی گرت لە دەعباکە، سوبحانەڵڵا دەعباکەی کوشت و خەڵکی کەوتنە ڕێ و بە ڕێی خۆیاندا ڕۆیشتن . ئەو کاتە زانی مەسەلەکە چییە، زانی کێ تەواوە. ڕۆیشت بۆ لای ڕاهیبەکە باسی کرد. وتی ئەی ڕاهیبەکە، ئەمڕۆ شتێکی وام کردووە. ڕاهیبەکە وتی : سوبحانەڵڵا، ئەمڕۆ تۆ لە من باشتری. تۆ لای خوای گەورە لە من بەڕێزتر و بەرزتریت. با بزانیت تووشی ئیبتیلا دەبیت. بەس ئەگەر تووشی ئیبتیلا هاتی، ناو من باس نەکەیت، ناو من لای هیچ کەسێک نەهێنیت.

ئیتر ئەم منداڵە هاتەوە بۆ ماڵ، چاوی کوێری چاك دەکرد، ئەوانەی ئەکمەهـ و ئەبرەصن ، ئەکمەهـ ئەوەیە کە هەر لە منداڵییەوە، لە زگماکییەوە نابینایە. بەڵەک و نەخۆشییەکانی تری چارەسەر دەکرد، چۆن چارەسەری دەکرد؟ هەر کەسێک دەڕۆی بۆ لای دەیوت من چاوم نابینێت. دەیوت : ئیمان بە خوای گەورە بهێنە، منیش دوعات بۆ دەکەم خوای گەورە چارەسەرت دەکات. دوعای بۆ دەکرد و

ئەویش ئیمانی بە خوا دەهێنا و چارەسەر دەبوو. هەر نەخۆشێکی دەهات بۆ لای، دەیگوت : من نەخۆشم. ئەویش دەیگوت : من کەس چاك ناکەمەوە ، من هیچم بەدەست نییە، ئەوە خوا خەڵکی چاك دەکاتەوە ، خوا شافییە من شافی نیم. دوعات بۆ دەکەم بەشکەم خوای گەورە چارەسەرت بکات، بەس ئیمان بەو خوایە بهێنە. ئەویش ئیمانی دەهێنا و چارەسەر دەبوو.

مەلیک وەزیرێکی هەبوو، جەلیسێکی هەبوو، هەردوو چاوی کوێر بوو بوو . بیستی کە منداڵێک هەیە کوێر چاك دەکاتەوە، ڕۆیشت بۆ لای و دیارییەکی زۆری لەگەڵ خۆیدا برد. وتی : شیفای چاوەکانم بدە ئەو هەموو دیارییە بۆ تۆ. ئەویش وتی : من شیفای کەس نادەم، خوای من شیفای خەڵک دەدات، الله شیفای خەڵک دەدات. ئەگەر بێتوو تۆ ئیمان بە خواکەی من بهێنیت، ئەوە دوعات بۆ دەکەم لای خواکەم ، بەشکەم خوای گەورە شیفات بدات. ئەویش ئیمانی بە خوایەکەی ئەو هێنا، ئەویش دوعای کرد، ئەویش هەردوو چاوی چاکەوە بوو.

گەڕایەوە بۆ لای مەلیک. کاتێ دانیشت لای مەلیک، مەلیک وتی پێی: کێ چاوی بۆت گەڕاندەوە؟ چۆن چاوت وا گەڕایەوە؟ یەعنی کام دکتۆر، کام شارەزا، کام حەکیم چاوەکانی گەڕاندەوە بۆت؟ وتی: خوایەکەم. وتی: من؟ وتی: نەخێر. خوای من و خوای تۆش الله ـیە. وتی بۆ جگە لە من خوایتریشت هەیە؟ وتی: بەڵێ. خوای من و خوای تۆش هەر الله ـیە. وتی ئەمە سزا بدەن، بزانم ئەم قسانە لە کوێوە هێناویەتی.

ئەوانیش دایان لەو وەزیرەکە و سزایان دا ، ئەویش منداڵەکەی نیشان دان . وتی: ئەو منداڵە فێری کردووم. ئەو منداڵە چارەسەری کردووم .

منداڵەکەیان هێنا بۆ لای مەلیک. کاتێ مەلیک منداڵەکەی بینی، وتی : سیحرەکەت گەیشتووەتە ئاستێک دەتوانیت نابینا و بەڵەك و هەموو ئەم نەخۆشیانە چارەسەر بکەیت، ئەویش وتی: نەخێر من

کەس چارەسەر ناکەم. وتی: ئەی کێ چارەسەری دەکات؟ وتی: اللّٰه چارەسەری دەکات. وتی : بۆ جگە لە من خوایتریشت هەیە؟ وتی : بەڵێ، خوای من و خوای تۆش هەر اللّٰه ـیە.

ئینجا ئەم منداڵەیان سزا دا، لێیان دا، هەتا بزانن کێ ئەم قسانەی فێرکردوو ، ئەم دینەت لە کێوە وەرگرتووە.

ئیتر منداڵە، توانای نییە، وتی وەڵا لە فلان ئەشکەوتە کابرایەکی ڕاهیب هەیە، ئەو فێری کردووم.

ڕۆیشتن ڕاهیبەکەیان هێنا. بینیان ئەمە ئیماندارە و خواناسە. وتیان: بگەڕێوە لە دینەکەت. لەبەرچاو منداڵەکە، وتیان بگەڕێوە لە دینەکەت، چونکە ئەگەر ئەو بگەڕێتەوە منداڵەکەش ئاسانە گەڕانەوەی. ئەو پیاوە وتی: من ناگەڕێمەوە.

منشارێك ، هەڕەیەکیان هێنا، لە تەوقی سەری دایاننا ، وتیان نەگەڕێیتەوە لە دینەکەت دەتکوژین. وتی بمکوژن. منشارەکەیان لەسەر تەوقی سەری دانا کردیانە دوو کەرتەوە. ئەو ڕاهیبەیان کردە دوو کەرتەوە وازی لە دینەکەی خۆی نەهێنا. ئەم منداڵە زیاتر ئیمانی جێگر بوو . ئینجا وەزیرەکەیان هێنا. وتیان وەزیرەکە، ئەگەر بێتو واز لە دینەکەت نەهێنی دەکرێیتە دوو کەرتەوە وەکو راهیبەکە . وتی : واز ناهێنم لە دینەکەم و بمکەنە دوو کەرتەوە. ئەویشیان کردە دوو کەرتەوە و کوشتیان و ئەویش شەهید بوو. وازی لە دینەکەی خۆی نەهێنا.

ئینجارە وتیان ئەم منداڵە ئەگەر بکوژین، ئێمە زەرەر دەکەین. چونکە ئەمە سیحرێکی زۆر فێربووە، با بیترسێنین هەتاکو واز لە دینەکەی بهێنێت. پادشا دایە دەست کۆمەڵێ لەسەربازەکانی خۆیەوە، وتی ببەن بۆ سەر فلان شاخ. لەوێ، ئەگەر وازی لە دینەکەی هێنا ئەوە باشە، وازی نەهێنا لە شاخەکەوە فڕێی بدەنە خوارەوە. بردیانە سەر شاخەکە. لەسەر شاخەکە وتیان : واز لە دینەکەت دەهێنیت یان بتخەینە خوارەوە؟ بۆیە بردیانە سەر شاخ، منداڵ لە شاخی بەرز و شوێنی بەرز دەترسێت، وتیان بەشکەم واز لە دینەکەی بهێنێت. وتیان ئەگەر بێتو واز نەهێنی دەتخەینە خوارەوە. ئەویش وتی: "اللَّهُمَّ اكْفِنِيهِمْ

بِمَا شِئْتَ". خوایە ئەمانەم لەکۆڵەوە کە. دەڵێت شاخەکە لەرییەوە، هەموو سەربازەکان کەوتنە خوارەوە، ئەو بەتەنها مایەوە. هاتەوە...

بۆ کویێ ڕۆیشت؟ نەڕۆیشتەوە بۆ ماڵ و خۆی بشارێتەوە. بەڵکو ڕۆیشت بۆ لای مەلیک. پەیامێکی پێیە، دینێکی پێیە، دەیەوێت بیگەیەنێتە مەلیک. مەلیکەکە وتی چۆن هاتیتەوە؟ ئەی کوا هاوڕێکانت؟ وتی خوا لەکۆڵمی کردنەوە. ئینجا دایە دەست جەماعەتێکی تر، وتی بیبەنە ناو بەلەمێک، بیبەنە ناو دەریایەك . ئینجا ئەمە دەریا ببینێت و شەپۆلی دەریا ببینێت، منداڵە دەترسێت... واز لە دینەکەی دەهێنێت. ئەگەر وازی هێنا باشە، وازی نەهێنا بیخەنە ناو دەریاکەوە و لەکۆڵی بکەنەوە.

سەربازەکان گەیشتنە ناو دەریاکە. لەناو دەریاکە وتیان : ئایا واز لە دینەکەت دەهێنی یان بتخەینە ناو دەریاکەوە ؟ وتی : بمخەنە ناو دەریاشەوە واز لە دینەکەم ناهێنم. ئینجا دوعای کرد و وتی : "اللَّهُمَّ اكْفِنِيهِمْ بِمَا شِئْتَ". خوایە ئەمانەم لەکۆڵەوە کە. دەڵێت بەلەمەکە لەرییەوە ، هەر هەموویان کەوتنە ناو دەریاکەوە ، ئەم تەنیا مایەوە. خوای گەورە دەیپارێزێت.

گەڕایەوە بۆ کویێ؟ هەم گەڕایەوە بۆ لای مەلیک. نەڕۆیشت بۆ ماڵەکەی خۆی . دەزانێت مەلیک دەیکوژێت. ئیتر بۆ وازی ناهێنێت، چونکە دینێکی پێیە دەیەوێت بیگەینێ. هاتەوە بۆ لای مەلیک، مەلیک وتی کوا هاوڕێکانت؟ وتی خوا لەکۆڵمی کردنەوە.

منداڵەکە وتی : ئەی مەلیک، ئەگەر دەتەوێت بمکوژی، خۆم ڕێگاکەت پێ دەڵێم. وتی چۆنە؟ وتی هەموو خەڵک کۆ بکرەوە ، بیگومان ئەم هەواڵانە، هەواڵی کۆمەڵێ سەرباز لەسەر شاخ کەوتوونەتە خوارەوە ، منداڵە هەیە ئیمانی بە خوایەکی تاک و تەنها هەیە. لەناو دەریاکە کۆمەڵێ کەوتوونە ناو دەریاکەوە ... ئەم هەواڵانە لەناو خەڵکیدا بڵاوبووەتەوە. گومانێك لای خەڵک دروست بووە کە مەلیک خوا نییە. ئینجا منداڵەکە وتی : ئەگەر دەتەوێت بمکوژی، ئاسانە. وتی چۆن؟ وتی هەموو خەڵکی

کۆبکەرەوە. من ببەستە بە دارێکەوە، تیرێک لە تیردانەکەی خۆم دەربکە، بە دەنگی بەرز بڵێ: "بِسْمِ اللَّهِ رَبِّ الْغُلَامِ". بە ناوی خوا، خوای منداڵەکە.

هەتا ئەو ناوە، ناوی خواکەی من نەهێنیت ناتوانیت بمکوژیت. ئەویش دەیەوێت لەکۆڵیەوە بێت، هەموو خەڵکی کۆکردەوە لە شوێنێکدا.

منداڵەکەی بەست بە دارێکەوە. ئینجا تیرێکی خستە ناو کەوانەکەی و بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و وتی: "بِسْمِ اللَّهِ رَبِّ الْغُلَامِ". بە ناوی خوا، خوای منداڵەکە. دەڵێت تیرەکەی هاویشت و دای لە (صُدْغ)ی منداڵەکە ، واتە : نێوان چاو و گوێی، دای لەوێی، یەکسەر ئەو شەهید بوو.

کاتێك خەڵکەکە ئەمەیان بینی. هەر هەموویان بە یەک دەنگ وتیان: "آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلَامِ، آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلَامِ، آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلَامِ."

ئێمە ئیمانمان بە خوای منداڵەکە هێنا. ئیتر دەوروبەرەکەی مەلیك وتیان : ئێمە چیمان کرد؟ تەنها منداڵێك بوو کێشە بوو ، ئێستە ئەم هەموو خەڵکە ئیمانیان هێنا، ئێستە چی بکەین؟ ئێستە چی بکەین هەموو خەڵکی ئیمانی هێنا.

پادشا وتی : ئاسانە. بڕۆن لە ڕێگاکاندا چاڵ بکەن. چاڵی دووورودرێژ و گەورە بکەن، پڕی بکەن لە چیلکە و دار و سووتەمەنی و ئاگری بدەن. ئەو هەموو خەڵکە وا ئیمانیان هێناوە، بیان هێنن. ئەگەر وازیان لە دینەکەیان هێنا ئەوا باشە. ئەگەر وازیان نەهێنا، فڕێیان بدەنە ناو ئاگرەکەوە. فڕێیان بدەنە ناو ئاگرەکەوە. ئەڵێ خەڵکیان هێنا، سەرەیان پێیان گرت. واز لە دینەکەت دەهێنی؟ نەخێر. فڕێیان دەدا ناو ئاگرەکەوە. واز دەهێنی؟ نەخێر. فڕێیان دەدیە ناو ئاگرەکەوە .

دەڵێت : خەڵکی موسابەقەیان دەکرد، پێشبڕکێیان دەکرد بۆ ئەوەی کامیان لە پێشدا بڕۆنە ناو ئاگرەکەوە. ئەوان دەزانن ناو ئاگرەکە یەعنی چوون بۆ بەهەشت، یەعنی شەهیدبوون، یەعنی ڕازیبوونی خوای گەورە.

دەڵێت کۆتا کەس ژنێک هات منداڵێکی کۆرپەی لەباوش بوو. کاتێ ڕۆیشتە پێشەوە ، گڕی ئاگرەکەی دای لە منداڵەکە بەزەیی بە منداڵەکەدا هاتەوە . کەمێك هاتە دواوە. منداڵەکە هاتە زمان!  ئەو منداڵە کۆرپە کە شیرەخۆرە...

بێگومان لە فەرموودەدا هاتووە کە سێ منداڵ بە کۆرپەیی قسەیان کردووە، یەکەم عیسا پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) و ئەم منداڵە و منداڵەکە وا شاهیدی دا بۆ جُرَیْج، کاتێك ئیتتیهامیان کرد بە زینا... دەستی دا لە سکی منداڵەکە، وتی منداڵەکە کێ باوکتە؟ وتی شوانەکە باوکمە. ئەم سێ منداڵە.

با بگەڕێینەوە باسەکە : کاتێ دایکی منداڵەکە بەزەیی هاتەوە بە منداڵەکەدا ، کەمێك هاتە دواوە، منداڵەکە وتی : دایە، ئارام بگرە، وەڵاهی تۆ لەسەر حەقیت. وەڵاهی لەسەر حەقیت. ئەڵێ منداڵەکە و دایکیشی هەردووکیان ڕۆیشنە ناو ئاگرەکەوە.

داوا لە خوای گەورە دەکەین لێمان قبووڵ بکات، سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، تَبَارَكَ اسْمُكَ، وَتَعَالَى جَدُّكَ، وَلَا إِلَهَ غَيْرُكَ.